Regay Kurdistan
No: 728
Date: 15/2/2007
Concessioner : Kamal Shakir
Www. Kurdiancp.org
Editor– in– chief: Handren Ahmad
Regay_kurdistan@yahoo.com

دوالاپەڕە

عوزر لە قەباحەت خراتر!

دەگێڕنەوەکە خەلیفە هاروونە رەشید لە مەجلیسدا دەڵێ، کەس هەیە بۆم بسەلمێنێ کە عوزر هەیە لە قەباحەت خراتر بێ؟
لەناو هەموواندا "بالول"ی قەرەقۆزەکەی خەلیفە دەڵێ، جەنابی خەلیفە من دەتوانم..
رۆژگاردێت و دەڕوا، تا رۆژێك خەلیفە ئەم قسەیەی بیر دەچێتەوەو، (بالول)یش رێك و رەوان لەدواوە تیلکێك بە خەلیفەوە دەکات، کە خەلیفە ئاوڕ دەداتەوە بالول دەڵێ، ببورن وامزانی (زوبەیدە)ی خەلیفە ژنە!
بۆ خۆتان ئەو دوای چیرۆکەکە دەزانن کە ئا ئەمەیە عورز لە قەباحەت خراتر، بەڵام ئەوەی لێرەش رووەدا خەریکە وای لێدێ، ئەگەرنا پسپۆڕانی ئابووری ناسی ئێمە کە لە شوێنی بڕیاردان دەتوانن بۆم روون بکەنەوە زیادکردن و نەکردنی مووچە چۆن بەبەغداوە بەندە؟ بە واتایەکی دیکە ئەگەر دەزانن کە خەڵکی کوردستان لە بارێکی سەختدا دەژین و پێویستیان بەوەیە کە داهاتیان زیاد بکرێ تا لە گرانی رزگاریان بێت، بۆچی مووچەکە زیاد ناکەن؟
ئەگەر خەڵکیش پێویستیان بەو مووچە زیادکردنە نییە و ئێستا لەتیف و زەریف و مورتاحن ئەوا چ هەقمان بە بەغداوەیە کە زیادی بکەن یان نا، خەڵکی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی بەغدا نە قەیرانی نیشتەجێ و نەبێ کارەبایی و نە گرانی شت و مەك و نەبێ بەنزینی و نەکرێی خانوویان لە ئێمە ناچێ ئەی بۆ دەبێ بڕیارەکانی ئێمە تەنها لاسایی ئەوان بێ؟
خەڵکینە دەبێم بڵێن وانییە تا بڵێم عورز لە قەباحەت خراترنییە!

پیرۆزبێت ساڵیادی یەکێتی نووسەرانی کورد

١٠ / ٢ / ٢٠٠٧ سی و حەوت ساڵ بەسەر دامەزراندنی یەکێتی نوسەرانی کورد دا تێپەڕی، بەم بۆنە پیرۆزەوە بەناوی خۆمان و سەرجەم ستافی کارکردنی هەفتەنامەکەمان پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی سەرجەم نوسەرانی کورد دەکەین، بەهیواین یەکێتی نوسەران ئەم یادە بکەنە دەرفەت و هەوێنێك بۆ لە زاخاوەدانەوەی رۆڵی کارکردن و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بەرنامەیەکی تازە رووەو کۆنگرەی خۆیان بۆ ئەوەی ئەم رێکخراوە دێرین و داهێنەرە بگەڕێتەوە سەر رێچکەو رێبازی بەخشش و داهێنان.

توانەوە

چەند شیعرێکی مامۆستا کازم کۆیی شاعیرە، لەبەرگێکی رەنگاو رەنگ لە (٩٠) لاپەڕە پێکهاتوە، بڵاویکردۆتەوە، زۆربەی شیعرەکانی ناو ئەم نامیلکەیە پێکهاتەی خۆشەویستین بۆ نیشتمان جگە لەو هێڵە درەوشاوەو فەنتازیا بۆ خۆشەویستیەکی جوان، دەست خۆشی بۆ برای شاعیرو بەهیوای بەردەوامی

ئامێزەی ئاردستەن

پڕۆژەی هاندانی ئافرەتان و لاوان بە کۆتا هات

پڕۆژەی هاندانی ئافرەتان و لاوان بۆ بەشداریکردنیان لە پرۆسەی سیاسی و هەڵبژاردندا پڕۆژەیێکی هاوبەشە، رێکخراوەکانی عێراق و کوردستانی بوو کە لەماوەی رابردوودا لەسەرتاسەری عێراق و کوردستان جێبەجێ کرا کە تیایدا زیاتر لە ٢٠٠ وۆرك شوپی تیا ئەنجامدراو چەندین بابەتی گرنگ لەمیانەیدا پێشکەش کران. شایانی باسە ئەم پرۆژەیە بەهاوکاری سەنتەری عەمان بۆ لێکۆڵینەوەی مافی مرۆڤ بەپشتگیری (UNEAD) نوسینگەی عەمان و (UNOPS) نووسینگەی عەمان جێبەجێ کراو لەرۆژانی ٣٠/ ١ تا ١ / ٢ / ٢٠٠٧ لەعەمانی پایتەختی شانشینی ئەردەن کۆبونەوەی هەڵسەنگاندی پرۆژەکە بەبەشداربوونی رێکخەرانی رێکخراوەکان جێ بەجێ کاری پرۆژەکەو، هەروەها بەئامادەبوونی (حەکەم شەهوان) نوێنەری (UNEAD)و مستەر نیلس نوێنەری (UNOPS) ئەنجامدراو لەم کۆبونەوەیەدا چەندین بیروڕا ئاڵوگۆڕ کران و بڕیار لەسەر بەردەوامبوونی ئەم پرۆژانە کراو لەکۆتاییدا تۆژبەندییەك لەنێو رێکخراوەکانی بەشداربوو دروستکرا .

محەمەد عەبدولمەجید:

ئافرەت نیوەی کۆمەڵە، بەڵام مەرج نییە لەناو کلیپدا بیکەینە نیوە

(محەمەد عەبدولمەجید) لەساڵی ١٩٨٥ لە شاری هەولێر لە دایك بووە، قوتابی قۆناغی دووەمی بەشی کۆمەڵناسی زانکۆی سەلاحەدینە، خاوەنی سیدیەکە بەناوی (دەروازەی ئەوین) کە (نۆ) تراك لەخۆ دەگرێ سێ لەو بەرهەمانەی نێو ئەم سیدیەی کلیپ کردووە، ئێستاش سەرقاڵی بەرهەمهێنانی سیدیەکی تازەیە بەناوی (فریودان).

سەرەتا دەربارەی ئەوەی بۆ گۆرانی هەڵبژارد؟
گوتی: ئەو کاتەی هەستم کرد بەهرەیەکم تێدایە بۆ گوتنی گۆرانی، هەوڵمدا ئەو بەهرەیە بخەمە نێو واری جێبەجێ کردنەوە، ئەمەش بەشێکی بۆ دەربڕینی هەستی ناخم بوو کە هاندەرێکی تر بوو تا بتوانم ئاوێتەی ئەو بەهرەو خولیایەی بکەم کە ئارەزووم بوو، بۆیە لەو کاتەوە عەشقم بۆ گۆرانی چەکەرەی کرد.

دواتر لێمان پرسی جگە لە خۆت لە خانەوادەکەت کەسی تر هەیە لە بواری ئەدەبی و هونەری کار بکات؟
گوتی: لە خانەوادەکەمان جگە لە خۆم برایەکم گۆران شاعیرە کە سیدی (دەروازەی ئەوین) سەرجەمی شیعرەکانی ئەون) هەروەها خوشکێکم بەناوی (شنیا) لە گۆڤارو رۆژنامەکان نووسینی زۆری هەیە هەروەها شیعریش دەنووسێ، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە کەشێکی لەبار بۆ کارە ئەدەبی و هونەرییەکان لە نێو خێزانەکەماندا هەیە.

پاشان لێمان پرسی جگە لە (گۆران)ی برات هەوڵتداوە تێکستی شاعیرانی تر بکەیتە گۆرانی؟
گوتی: سەرەتا من هێشتا نەناسرابووم دەبوایە پەنا بۆ هەندێ شیعر ببەم کە خۆمی پێ بناسێنم ئەوەبوو شیعرەکانی (گۆران)ی برام هەڵبژارد، بەڵام بۆ سیدی تازەم هەوڵمداوە کۆمەڵێك شیعری شاعیرانی تر هەڵبژێرم، بۆیە هەوڵدەدەم ئەمجارەیان کۆکتێلێك لە شیعری شاعیران بکەمە گۆرانی.

دەربارەی سیدیە تازەکەی پرسیارمان لێی کرد گوتی: سیدیەکەم بەناوی (فریوادان) ە ئێستا کاری لەسەر دەکەم، کە لە کۆمەڵێك ئاوازو تێکستی تازە پێك هاتووە، لەم بەرهەمەدا شیعری هەریەك لە شاعیران (سەعدوڵلا پەرۆش و سەرکەوت رەسوڵ و رێدار سابیرو شنیاو گۆران و چەند شاعیرێکی تر هەڵبژێردراوە بە نیازیشم لەم ماوەیەدا گۆرانی (فریودان) کە ناونیشانی سیدیەکەمە کلیپ بکەمو بڵاوی بکەمەوە.

دەربارەی بڕیاردان لەسەر بەرهەمێك بەر لە بڵاوکردنەوەی گوتی: بڕیاردان لەسەر هەر کارێکی هونەری ئەوەندە سانا نییە وەك ئەوەی هەندێك تێبگەیشتوون، سەرەتا بۆ ئەوەی بەرهەمێك لە دایك بێ، بەر لە هەموو شتێك دەبێ ئەو تێکستە هەڵبژێرێ کە بگونجێ لەگەڵ خۆتو هەڵوەستە لەسەر ناوەڕۆکەکەی بکەی کە باس لەچی دەکا.ئینجا بە دوای ئاوازێك بگەڕێی کە بگونجێ لەگەڵ تێکستەکەدا. دواتر دابەشکردنی مۆسیقاو دەنگو ئەداو کۆمەڵێك کاری تەکنیکی تر ئەمانە هەمووی سانا نییە کاری دەوێو کاتی دەوێ، ماندووبوونی دەوێ، بۆیە بڕیاردان لە کارێك بەرنامەو کاری جددی دەوێ.

دواجار دەربارەی بوونی ئافرەت لەناو کلیپدا گوتی:
خۆی ئافرەت نیوەی کۆمەڵە، بەڵام مەرج نییە لە کلیپدا بیکەینە نیوە ئەگەر کلیپێك پێویستی بە ئافرەت نەکات، نابێ تۆ تەنها بۆ سەرنج راکێشانی جەماوەر ئافرەتی تیادا بەکاربێنی، خۆی ناوەڕۆکی تێکستو ئاوازەکە ئەوە دیاردەخا ئافرەت پێویستە یان نا..

پیشانگایەکی نمایشکردنی(کتێب) لەناحیەی رزگاری کرایەوە

نیزام شەبیب:رزگاری

ڕۆژی پێنج شەممە بەرواری ٨/ ٢/ ٢٠٠٧ کاتژمێر (١٠)ی سەرلە بەیانی لەهۆڵی کتێب خانەی گشتی رزگاری بە ئامادە بوونی ڕۆشنبیران و مامۆستاوقوتابیان ونۆێنەری دامودەزگا حکومیەکان و لایەنە سیاسیەکان پیشانگایەك بۆنمایشکردنی (کتێب) کرایەوە.سەرەتای کردنەوەی پیشانگاکە لەلایەن بەرێز.م (جهاد)کرایەوە.

شایەنی باسە ئەوکتێبانە لەم پیشانگایەی پیشان دران بەشێك لەوکتێبانەی پیشانگای نیودەوڵەتی هەولیرو سلیمانی بوو.دەستەی مامۆستاو خوینکارو خوێندنگاو ی زانکۆ و مانگاو لە ناحیەی رزگاری بەهاوکاری کتێبخانەی رزگاری پێ هەستاون.لەم پیشانگایەدا کە نزیکەی (١٠٠٠) کتیب پێشاندرا بەبێ فرۆشتن ونزیکەی (٢٠٠) کەس ئامادەی کردنەوەی پیشانگاکەبوون.وتاکاتژمێر(٤) ی ئێوارە بەردوام بوو.

کۆڕێکی فراوان لە قوتابخانەی چرۆ لە مەلائۆمەر

رۆژی چوارشەمە ١٤/ ٢/ ٢٠٠٤ لە درێژەی چالاکییەکانی مانگانەیدا قوتابخانەی چرۆی سەرەتایی تێکەڵاو لە مەلائۆمەر کۆڕێکی فراوانی بۆ بەرێز مامۆستاو پسپۆڕی دەروونزانی (یوسف عوسمان حەمەد) رێکخست لە ژێر ناونیشانی (پەیوەندی دایك و باوك لەگەڵ منداڵ) لە میانەی کۆڕەکەدا مامۆستا یوسف تیشکی خستە سەرلایەنەکانی پەیوەندی نێوان خێزان و منداڵو بە تێرو تەسەلی لەسەر ئەم بابەتە دوا، کە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ئەم دەڤەرە تیایدا ئامادەبوون..

شا دی کەریم :لە دیدارێکی کورتدا ..

هیواخوازم لە ئایندەدا ببم بەیەکێك لە شاعیرە ناودارەکانی گەلەکەمان

لەجاوپێکەوتنێك دا لەگەڵ گیژۆلەیەکی کوردی بەهرەداری شاعیر(شادی کەریم مەحمەد)شادی لەساڵی (١٩٩٥) لە کوردستانی رۆژهەڵات هاتووتەدنیاوە شاری گرگان خوێندنی سەرتای تەواو کردوە تاوەکوسێمی ناوەندی ماوەتەوە لەوشارە. نمرکانی لە (١٠٠٪) بەدست هیناوە.مامۆستاکانی زۆرخۆشیان ویستوە لەبەرئازیەتی ولێ هاتۆی خۆی. ئێستا گەراوەتەوە بۆشارە خۆشەویستیەکەی خۆی شاری کەلار.شادی هەرلەمندالیەوەخولیای شیعرنوسین بوو جەندین شیعری بومندالان تومارکردوە لەوشارەدا . بۆیە بەباشمان زانی لەنزیکەوە بیبینین.

ئا/ کاوە گەرمیانی.. .کەلار

+ سەرەتای نوسینی شیعرت؟
- لەساڵی(٢٠٠٥) ەوە دەستم کردووە بەنوسینی شیعربۆمندالە چاوگشەکان.

+ کێ هاندەرت بوو بۆ شیعرنوسین؟
- برای بەرێزم (د.شێروان) لەگەڵ (م.حلاو) شیعرەکانی منیان دی هانیان دام بوشیعرنوسین.

+ شیعری لاوان چۆن دەبینی؟
- شیعرپێش ئەوەی هەرشتێك بێت پرۆژەیە، ئیدی گەورەیەك بینوسێ یان لاوێك ئەبێ بزانیت مەرج نییە داهێنان هەرلای کەسایەتیەکی شیعریی بە تەمەن گەورەبێت.

+ هیوای ئایندەت چی یە ..؟-
هیوا خوزام لە ئایندە دابیم بەیەکێك لە شاعیرە ناودارەکانی گەلی کورد.

+ چی ئامۆژگارییەکت هەیە بۆ کیژانی کورد؟
- داواکارم لەهەمو کیژۆلەیەکی شارەکەم پینوسە رەنگینەکانیان بە گرنەدەست ولەوبوارێکدا سەرقاڵبن،
- زۆرسوپاس
- سوپاس بۆئێوەش.